www.kurdistannet.org
2002-01-13 23:33

# چی چاوەڕوانی ولاتی عیراق دەکات..؟!.؟؟

ئامادەکردنی: شـــێرزاد هەینی ـ سوید
heinisherzad@hotmail.com

بەم ناونیشانەی سەرەوە نوسەرێکی عەرەب، دکتۆر حسین غباش لە رۆژنامەی " الخلیج" ی ئیماراتی لە 2002/1/11 کورتە نوسینێکی بلأوکردیتەوە. بۆ زانینی بۆچوونی نوسەرێکی عەرەب و تەماشاکردن و وردبونەوەی لە دوارۆژی عیراق پاش ئەو رووداوانەی جیهان لەبەر رۆشنایی ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست. وا کاکلەکەی دەکەمە کوردی و ئەوەش دەپرسین، ئەدی کورد چۆن لە دوارۆژی عیراق دەگات..!! چەندی ئەو بۆچونەی ئەو واقیعە.!!؟؟؟

( پرسیارەکە ئەوە نییە، لە عیراق دەدرێت، یان نا.. ؟؟ چۆن و کەی.. پرسیار دەکەین، ئایا ولاتەکە دەکرێتە چەند دەڤەری ئاینی و مەزهەبی و جوگرافی، ئایا ئەوەیان باکوورەکەی دەکاتە ولاتێکی سەربەخۆی کوردی نویٚ..؟؟!! چی لە باشوورەکەی دەکرێت...؟؟؟ هەلوێستی عەرەبەکان چیە....؟؟!! ئەدی دوارۆژی و ئارامی کەنداو دەگاتە کێندەریٚ ..؟؟!

مەبەستی دیاریش رووخانی رژێمە..!! ئەگەرچی مانەوەی ئەو رژێمە هیچ مەترسی و دژایەتی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوادا نییە.!! بەلأم ئەوەی نائاشکرایەو روون نییە ، ئەوەیە، ئایا عیراق لە حساباتەکانی سیاسی هەرێمەکەدا رەشدەکرێتەوە. یان عیراق دابەشدەکرێت..!؟؟ راستە عیراقیەکان ئەفغان نین و ولاتەکەش ئەفغانستان نییە و بەغداش کابول نییە. ئایا ئەم دابەشکردنەی عیراق، ریٚ خۆشکەرە بۆ دابەشکردنی تورکیاش. باشوورەکەی چەند دەستەلاتی ئیران بەهێز دەکات...!!؟؟ ئایا ئەم دابەشکردنە لە بەرژەوەندی ئەمریکایە، یان لایەنی ترش هەن سوودمەند دەبن.

لە راستی و لە واقیعدا، وا باکوورەکەی حکومێکی زاتی تەواویان هەیە. یاساو رژێمی تایبەتی بەرێوەی دەبات. لە ژێر پاراستنی ئەمریکاو بریتانیا و دوور لە دەستەلاتی حکومەتی عیراقدا بەرێوە دەچن. هەر ئەوەندەیان ماوە رەوشە تازەکەیان بە رەسی رابگەێنن. دیارە ئەوەش لەبەر رۆشنایی ستراتیژیەتی دیاری کراوەو کاتی دیاری ئەمریکای دەوێت.

عیراق بازنەیەکی گرنگە لە سیاسەتی ئەمریکا. بە کۆتایی هاتنی شەری ئەفغانستان و رۆیشتنی نەوتی ئاسیای ناوەراست، مەسەلەی عیراق دێنێتەوە ناو بەرنامەکەیان. بە شێوەیەك، عیراق و نەوتەکەی لەگەلٚ داواو قازانجەکانی ئەوان سازو گونجاو بێت. ئەوەش جیهانە گلوبالیزمەکەی خۆی بیٚ دژایەتی دەچەسپێنیٚ).

هەروەها نوسەرەکە ئاماژەی بەوەداوە، کەوا ئەو بەرنامەیە چەندی بە ئۆپوزسیون دەستەبەر دەکرێت و چەندی پێدەسپێرن. ئەوان چەندیان لەبارە بۆ ئەم مەسەلەیە. یان ولاتانی عەرەبی چەند ناکۆکن لەگەڵ ئەو بەرنامەیەو چییان لەدەست دێ. ئەو لەسەر ئەوە سوورە کەوا ولاتانی عەرەبی ئەگەر بوار هەبێ کارێ بکەن تا ئەو بەرنامە ئەمریکیە سەرنەگرێت. یان سیاسەتی ولاتەکە، خۆی بەرەو دیموکراسی پیادە بکات و ئەم رێبازە هەنگاوێکی چاکە بۆ دەربازبونی لەم گۆرانکارییە. لە کۆتاییدا دەڵێ ئەگەرچی دڵمان بە هەڵوێستی عەرەبی خۆشە، بەلأم پێشەکی  و زووتر ئەنجامەکەی دەزانین و ئەوەش زۆر روون و ئاشکرا دیارە.